پێشبینی کێش و هەوای عێراق بۆ ڕۆژانی جژنی قوربان ڕاگەیەندرا

دەستەی کێشناسی عێراق وردەکارییەکانی پێشبینییەکانی کێشوهەوای بۆ ڕۆژانی جژنی قوربان ڕاگەیاند، هاوکات پێشبینی بەردەوامی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما دەکات.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە بەیاننامەیەکی دەستەکەدا هاتووە : سبەی هەینی، کێشوهەوا ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندێك هەور لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور، هەروەها لە ناوچەکانی باکوور ساماڵ دەبێت بە نیمچە هەور، بە گشتی پلەکانی گەرما کەمێك بەرز دەبنەوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە بەرزترین پلەکانی گەرما بە سبەی هەینی بەم شێوەیە: بەغدا، دیالە، بابل، نەجەفئەلئەشرەف 41 پلە، سلێمانی 36، کەرکوك و نەینەوا 39، کەربەلای موقەدەس و ئەنبار 40، بەسرە 43 پلە.

کێش و هەوای ڕۆژی شەممە ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندێك هەور لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور و لە ناوچەکانی باکووریش نیمچە هەور دەبێت،پلەکانی گەرما لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور هاوشێوە دەبن، لە ناوچەکانی باشووریش کەمێك بەرزتر دەبێت.

یەکشەممەی داهاتوو کێشوهەوا بەگشتی ساماڵ دەبێت و پلەکانی گەرما لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور هاوشێوە دەبن و لە ناوچەکانی باشووریش کەمێك بەرزتر دەبن و ڕوونیشیکردەوە : ڕۆژی دووشەممەی

داهاتوو کەشوهەوای لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور نیمچە هەور بە هەور دەبێت، هەروەها لە ناوچەکانی باشوور ساماڵ دەبێت، لە شوودا هەور دەبێت و بای مامناوەندی باشووری ڕۆژهەڵات (20-30 کم/کاتژمێر) لە ناوچەکانی باشوور بەرز دەبێتەوە، دەگاتە 30-40 کم/کاتژمێر، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێز وخۆڵ و پلەکانی گەرما بە گشتی کەمێك بەرز دەبنەوە، لەگەڵ بینینی ئاسێیی (6-8 کم) و لە ناوچە تێز و خۆڵاوییەکان (2-3 کم/کاتژمێر.